# دیداری هونەرمەندی میوزیک زان ,, سامان ساڵح ئەلیاس

( ئاسایش عوسمان دانش)

ساڵەکانی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردو ڕزگار بوونی لە ژێر چنگی ڕژێمی بەعس کاتێک کە دام و دەزگا داپڵۆسینەرەکانی ڕژێمی بەعسی پاشە کشەی کرد لـــــە زۆربەی خاکی هەرێمی کوردوستان بە تایبەتی لـــــە شارەکانی هەولیرو و سلێمانی و دهۆک ، فرسەت و بـــواری گەورە و هەستیار هەڵکەوت بۆ گەلەکەمان دوای ئەو هەموو ساڵە لـــە زوڵم و چەوساندنەوەو داگیرکاری بۆ ئەوەی بتوانی سەرلـــــە نوێ ژیانی خۆی نوێ بکاتەوە و دام ودەزگا و قوتابخانـــەو و زانکۆ و پەیمانگاو دامەزراوە فەرمی و مەدەنیەکانی دابمەزرێنێتەوە ، بـەتایبەتی لە دوای هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردوستان و دەست بە کاربوونی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم.
یەکێک لەو دەسکەوتە مەزنانە دروست بوونەوەی زانکۆی سلێمانی بوو کـــە ئاوات و خەونێکی لە مێژینەی جەماوەری گەلەکەمان بوو ، بۆیە بۆ جارێکی تر زانکۆی سلێمانی بـە هەوڵ و ماندوبونی چەندەها مرۆڤی دڵسۆز و خەم خۆری گەلەکەمان ژیان تیدا پـــەرەی سەندەوە و لە گەڵ زانکۆکانی هەولێر و دهۆک و پەیمانگاکانی تری کوردوستان بوە جی پێشکەوتن و پەرەسەندنی زانست.
دوای چەند ساڵێک لە دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی ، توانرا وەک جـــاران برەو بدرێتەوە بە زۆر لایەنی تر لەوانـــــــە بواری هونەری بۆ ئـــــەم مەبەستەش توانیمان تیپی شانۆی زانکۆ دابمەزرێنینەوە لـــەو کاتانەشدا زانکۆ هۆڵی ڕاپەڕینی لە یەکێتی هونەرمەندان وەرگرتبووەوە کە هۆڵێکی شانۆیی لەبار بوو وە زۆربەی شانۆیی و کۆڕە هونـــــــەریەکان و ڤیستڤاڵە هونەریەکانی شاری سلێمانی تێدا ساز دەدرا ، تا دەهـــــــات گرنگی دەدرا بە لایەنی هونەری و تیپی مۆسیقای زانکۆش دروست بوو کـــە چەندەها خوێندکاری کۆلێژەکانی زانکۆ بەشداریان تێدا دەکرد و هەر بۆ ئەم مەبەستەش بنکەی هونەری زانکۆش دروست بووەوە و ، من وەک لێپرسراو سەرپەرشتی هەردوو تیپەکە و هۆڵی ڕاپەڕین و بنکە هونەریکەم دەکرد لـــــە گەڵ چــــەندەها هونەرمەندی تری وەک ئاسۆی عومەر سوارە ، خوالێخۆشبوو حسین جەمبوش ، حەمە عەلی خان ، ڕێبوار توفیق ، کاراون محمەد و هەموو خوێندکارەکانی تیپی مۆسیقای زانکۆ ، لێرەدا مـــــــەبەستم لەم باسە چۆنیەتی ئاشنا بونمە بە هونەرمەند سامان ساڵح ئەلیاس ، ئێمە وەک لێژنەیـــــەک کە پێکهاتبوو لە خۆم و مامۆستا حسین جەمبوش و هونەرمەند ڕێبوار تۆفیق و کارمــــــــەندێکی دارایی لە سەرۆکایەتی زانکۆ لەو ساتەدا مانگانە ئالەتیکی مۆسیقامان دەکری لـــە پێشانگای کاشان بۆ تیپی مۆسیقای زانکۆ چونکە تیپەکە ئەندامانی زۆر بوون و ئامێری مۆسیقاش کەم بوو و ئەم پێشانگایەش زۆر بـــە ناو بانگ بوو لەشاری سلێمانیدا بۆ جۆر و باشی ئامێری مۆسیقاکـــــان ، لە کاتی سەردانماندا کە دەچووین بۆ مەبەستی کڕینی ئامێرەکان ، ئەم پێشەنگایە هەم وەک دوکانێکی فرۆشتنی ئـــامێری مۆسیقاو هەم وەک شوێنێکی هونەری
موزیک هەم وەک شوێنکی هونەری هونەرمەندانی موزیک زان ڕۆژانە تێدا کـۆدەبوونەوە ، لـــەوانە { مامۆستا ئەنور قەرەداغی ، مامۆستا حەمە حسین ، زانای مـــــــەحمود هەژار ، جەمال شادان مامۆستا عادل ، دلێر حسێن ، سامان ئەلیاس } و چەندەهای تر ، بۆیە زۆر لە نزیکەوە ئاشنایەتیم پەیدا کرد لـــــــەگەل هونەرمەند سامان ئەلیاس ، ئەم بەڕێزە هونـــــەرمەندێکی لاو بوو خاوەن کەسایەتیەکی هێمن و ژیر و لێهاتوییەکی زۆر باشی هەبوو لـــە ژەنینیی ئامێری ( کلارنێت ) جگە

لەوەی ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو لــــــە هەمان کاتدا مامۆستای بەشی مۆسیقا بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ، مامۆستای ئامێری کلارنێت بوو ، مـــــــن کە هاتمە دەرەوی وڵات کاتێک کە نیشتەجێ بووم لـــــە شاری بۆرۆس لە سوید لە فیستڤاڵی ئازادی و ڕزگاری کە سازمان کرد بە بۆنەی پرۆسەی ڕزگاری ئێراق لە ساڵی 2003 کاک سامان هەر سێ ڕۆژی فیستڤاڵەکە بە ئامێری کلارنێت بەشداریەکی بەرچاوی هەبوو.
لەم ماوەیەدا توانیم پەیوەندی پێوە بکــــەم چونکە بەرێزیان لە شاری یۆتۆبۆری ئەژی کــــە ماوەی کاتژمێرێک لە شاری بۆرۆسەوە دورە و ئەم دیدارەم لە تەکیا ساز کرد.
پ / ساڵ و شوینی لە دایک بونت ، وەک میوزیک زانێک کــــــەی هاتویتە ناو ژیانی هونەریەوە و ئەو مامۆستاو کەسانە کێ بوون کـــــە هەماهەنگی و هاوکاریان کردویت بۆ ئەوەی بتوانی ببیتە هونەرمەندیکی میوزیک زان ، ناوی ئەو لایەن و گروپ و تیپانەی کە ئەندام بویت و کارت لـــەگەڵ کردون.؟
سامان،، من ساڵی 1973 لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی مەڵکەندی لە دایک بووم هەر لە سلێمانی خوێندنم تەواو کردوە

ساڵی 1988 بەشداریم کرد لـــــــەیەکەم خولی موزیکا لـــــــەچالاکی قوتابخانەکان بەسەرپەرستی مامۆستا موحەمەد حسێن ، شێوەی فێربوون ئەو سەردەمە زۆر سنووردار تر بـــوو لـــــەئێستا ، وەک فێرخوازێک جگە لەئامێری میلۆدیکا و ڤیۆلین هیچی ترم لــــــــــەبەردەستدا نەبوو بۆ هەڵبژاردن و فێربوون بۆیە یەکەم وانەی مۆسیقام لەسەر ئامێری میلۆدیکا بوو.
هــــەرلەو کاتەدا تیپی موزیکای منداڵانیش پێکهێنرا و کرا بــــە بەشێک لە چالاکی قوتابخانەکان ساڵانە بەشداری فێستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکانمان دەکرد لەسەرتاسەری عێراق بەسەرپەرشتی مامۆستایانی ئەو سەردەمە ، لەسەرەتای ساڵی 90 دا بەسەرپەرشتی مـــــامۆستا فەرەنسیس داود تیپی مۆسیکای (دیلان) پێکهات، منیش یەکیک بووم لەئەندامە چالاکەکانی ئەم تیپە لـــــــە ساڵی 1993 وەك کلارینێت ژەنێك بوومە ئـــەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی. دوای ئەوەی هاتمە ولاتی سوید لە دوای ساڵانی 2000 وە لــە شاری یۆتۆبۆری نیشتەجێ بووم دوای ئەوەی ئیقامەی مانەوەم لەم وڵاتە وەرگرت توانیم جارێکی تر خۆێندنی قوتابخانەی ( یومناسێت ) کە بە زمـــــانی سویدی
پێدەوترێت ، بە مانای قوناغی دواناوەندی ( اعدادیە ) تەواو بـــــــــــکەم و ئێستاش خوێندکاری بڕوانامەی ماستەرم لە زانکۆی یۆتۆبۆری لە سوید. ئەو کەسانەی زۆر هانـــــــــدەرم بوون لە ژیانی هونەریمدا ، باوکم بە شێوەیەکی گشتی و مــــامم (عەبدوڵا میدیا ) و مامـــــــۆستای خوالێخۆشبوو ولێم یوحەنا، هەروەها هاورێیانم ئاکۆ عەزیز و زانای مەحمود هەژار .
پ / هۆی چی بوو لە بواری هونـــــــــــەریدا موزیکت هەڵبژارد ،، ئایا توانیوتە بگەیتە ئەو پلەو ئامانجەی کە هەوڵت بۆ داوەو هەڵت بژاردوە ،، چ ئامێرێکت زۆر خۆش دەوێت و حـــــــەز دەکەیت زیاتر بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە بیژەنی ، مەرجە موزیک زان زیاتر لە ئامێرێک بزانی و زانیاری تەواوی هەبێت لە سەر ئامێرەکان.؟

.چۆنیەتی دەستپێکردنم بۆ موزیکا لەپێشترا باسم لێوەکرد، بەڵام چۆنیەتی حــــــــــەزم بۆ موزیك ئەوەیە موزیك لە لای من هەمیشە لــە هەموو دەمژمێرێك دا جێگەی خۆی هەیە، من لە منداڵیەوە بە بەردەوامی ئارەزووی گوێگرتنی مۆزیکم هـــــەبووە پێم وایە کە ئـــــەمەش هەستێکی زکماکی و سروشتی بێت. بەبیرم دێ کە منداڵ بووم بۆ یەکەم جـــــار سەردانی قەڵاچۆلانم کرد، ئەو کات

لەئێرانەوە هەموو شتو مەکێکیان دەهێنا و خەڵک دەچونە ئەوێ بۆ کڕینی ئەو شتانە ، مـــن بە پێچەوانەوەی منداڵانی هاو تەمەنم کەزۆرینەیان حەزیان لـە شتی یاری دەکرد و هەڵیان دەبـژارد تەنها شت کەسەرنجی ڕاکێشام و بۆ خۆمم کڕی کاسێتیکی مۆنامۆ بوو، لەبەر ئـــەوەی دەمووویست کۆمەڵێ کاسێتی مۆسیکا و گۆرانیم هەبێت تـــاکو دەرفەتی گوێبیستنم بۆ موزیکا فراوان تر بێت هەرچەندە ئەو کاتە زۆر گوێم نەئەدا بەوەی تەنها گوێ لەمۆسیکای کوردی بگرم، بـــەڵکو گوێم لەهەموو شێوازێکی موزیکا دەگرت !! ئامێری کلارینێت لای من زۆر خۆشەویستە، لـەتەواوی ئامێرە مۆسیکاییەکاندا هەر حەز بە دەنگی ئەم ئامێرە دەکەم .
بۆیە بە بڕوای من ئێستا کــــــە وەك مۆسیقییەك لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبەم ، گەر بمەوێت بەبەردەوامی وەك مۆسیقی کار بکەم پێویستە بسپۆرانە زیاتر لـــەچەند ئامێرێك و سەربار چەند ستایلێك بزانم، لەبواری مۆسیکی میللی بــــە شێوەیەکی گشتی وە بۆ ناسینی ئامێرەکان بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی.



( هونەرمەند سامان ئەلیاس لە کۆنسێرتیدا )



( ڕۆژی دەرچونی لە زانکۆ )

پ / لە ئێستادا ئاستی هونەری موزیکاو گۆرانی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنیت ، ئــــایا هونەری موزیک و گۆرانی کوردی گەیشتۆتە ئاستی بەرز و توانیوەتی ئامانج بپێکێت.؟

سامان ،، بە بڕوای من هەڵسەنگاندنی موزیکی کوردی پێویستی بە لێکۆڵنەوەی زانستی ورد هەیە من وەك تاکە کەس ناتوانم بڵێم لەچ ئاستێك دایە. کورد بۆ خۆی خاوەنی مۆزیکێکی بەهێزە وە بۆ سەلماندنی ئەم بەهێزییە وەک بەڵگە با بڕوانینە مۆزیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نـــــاوەڕاست واتە مۆزیکی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی لەڕێگەی جیاوازی شێوازی ڕیتمیک و میلۆدیەوە دەبینین مۆزیکی کوردی زۆر ڕوون و ئاشکرا دەناسرێتەوە، بە واتا ئێمە خاوەنی مۆزیکێکی ڕەسەنین، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن بتوانین بەشێوەیەکی زانستیانە هونەری موزیکی کوردی پێشکەش بکەین . بە بڕوای من چەند کارێکی زۆر باش کراون لەتەواوی بەشەکانی کوردستاندا کەشایەنی باسن چونکە هونەری کوردیان شان بەشان بەرەو تەواوی موزیکی میللی لەئاستێکی بەرز دا بردوە.

پ / ڕات بەرامبەر کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان و میدیای کــــــوردی چیە ، تا چەند توانیویانە خزمەتی هونەری موزیکاو گۆرانی کوردی بکەن ئەو بـــەرنامانەی کە پەخش دەکرێن گەیشتونەتە ئاستی داوا و هەستی هونەرمەندان.؟

سامان ،، کەناڵە ئاسمانی و ناوخۆییەکانی کوردستان بــــــەشێوەیەکی گشتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە ڕێڕەوی ڕامیاریان گرتۆتەبەر و بیری ڕامیاری هەمیشە بەڕێوەی بـردوون ، زیاتر ئەم کەناڵانە بۆ بۆنە نیشتیمانی و پارتییەکانیان موزیکیان بــــەکارهێناوە ، بەبڕوای من ئەم کەناڵە تەلەڤیزیۆنانە چەند خزمەتی موزیکی کوردیان کـــردوە سەد ئـــەوەندە زەرەرمەندن بۆ

ڕەوتی مۆزیکی کوردی و شێواندنی گوێگری کورد ، ئەمەش بۆ ئـــــەوە دەگەڕێتەوە کە کەناڵەکان زیاتر سەر بەپارتێکن و بەهیچ جۆرێک بێ لایەنی تییاندا بەدی نـــــاکرێت، نمونەی ئەم ڕۆژگارە زیندوەشمان کەناڵی ئاسمانی کۆڕەکە لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەو گۆرانیانەی کەپێشکەشی دەکات گۆرانی بیانین.

پ / ڕای ئێوەچیە بۆ ئەو گۆڕەپانەی کە ئەمڕۆ ئاستی هونەری کوردی تێدایە ، ئایا هونەرمەندانی کورد توانیویانە بگەنە ئاستی هونەرمەندانی جیهان.؟

سامان ،، بەڵێ زۆر هونەرمەندیشمان هەیە کە ئـــــــــمڕۆ موزیك زانانای جیهان دەستیان بۆ ڕادەکێشن و بەهونەرمەندی گەورەیان ناو دەبەن. نمونەشمان هونەرمەند دڵشادسەعید تەواوی گروپی کامکارەکانن

پ / ڕۆژانەو بە بەردەوامی هونەرمەندانی گۆرانی بێژو ئەوانەی ناویان لەخۆیان ناوە هونەرمەند بەرهەمەکانیان لە سەر سێدە بڵاو دەکەنەوەو لە کەناڵەکان کلیپی بۆ دەکەن ، لـــە ستۆدیوەکان ئامێری پێشکەوتوو بە کار دەهێنن لە کاتی تۆمار کردنی گۆرانیەکانیان بۆ ئـــــەوەی جونکاری لە دەنگیاندا بکرێت خۆش بکرێت ، جا ئـــــەم بەرهەمانە باش بێت یا خراپ ، بەڕێزتان ڕاتان چیە بەرامبەر ئەم کارە هونەریانە ، تا چ ئاستێک دەتوانین ئـەم کارانە پۆلێن بکەین ، چونکە گۆرانی سەرکەوتوو پێویستی بە { تێکست و دەقی باش هــەیە ، بە ئاوازی سەرکەوتوو هەیە ، بە موزیکی ئاست بەرز و گونجاو } هەیە ، ئایا ئەمانە مەرجی سەرەکی نین بۆ بەرهەمی پرۆفیشناڵ.؟

سامان ،، لەجیهانی هونـــــــەری دا هەموو هونەرمەندێك کاتێ بیەویت نەك سێ دێیەك بەڵکو گۆرانیەکیش تۆمار بکات، پێش ئەوەی دەست بـــــەکارەکەی بکات، چەند پرسیار ئاڕاستەی خۆی بکات !! بۆ من ئـــــەم کارە هونەریە بکەم ، ئامانجم چی یە؟ ئایا تازەگەری تیا دەبێت ؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن ، ئایا چەند گۆرانی بێژی کورد ئـــــەم پرسیارانەی لەخۆی کردووە پێش ئەوەی کارێکی هونەری ئەنجام بدات ؟ . سەرەڕای ئەوەش وەزارەتی ڕۆشنبیری حـــــــــکومەتی هەرێم ناشارەزایانە پارەیەکی یەکجار زۆر دەدات بەچەند کەسێک بۆ گۆرانی ووتن بەبێ ئـــــەوەی هیچ مەرجێکی هونەرییان لەسەر دابنێت چ لەبواری میلۆدی یان تێکست ، ئـەو مەرجانەی کە باسیشت کردوە پێوانەی هەموو گۆرانیەکی سەرکەتوە کە هونەرمەندێکی ئاست بەرز تۆماری دەکات.

پ / تاراوگەو غوربەت چی بەخشیوەو بە تۆ و چی لێسەندویتەوە ، تا ئێستا لەو کاتەوەی هاتویتە سوید چ کارێکی هونەریت ئەنجام داوە ،، لە گەڵ کێ کارت کردوە یا کار دەکەیت ، پەیوەندیت لە گەڵ کوردوستان چۆنە ،، توانیوتە هـــــاوکاری هونەرمەندانی ئەوێ بکەیت بۆ ئـــــەنجام دانی بەرهەمی هونەری سەرکەوتوو.؟

من توانیومە لەتاراوگە خوێندنی مۆزیك بەشێوەیەکی ئەکادیمی تەواو بـــکەم، ئێستا خوێندکاری ماستەرم لەبواری موزیك دا ، توێژینەوەکەم لـــە سەر کاریگەری موزیک لە ئاینی زەردەشت دایە هەروەها توانیومە ژیانی هاوسەریش پێك بهێنم لەگـــەڵ خاتوو ئیمان بۆتانی، بۆ زیاتر زانیاری لەسەر کارەکانی من لە ئەوروپادا ئەتوانن سەردانی مەڵپەڕی تایبەتی من بکەن .

www.samanalias.com

پەیوەندیم لەگەل کوردستاندا ئێستا کتێبێکم لـــــەسەر ئەرکی ناوەندی سمۆرە بەچاپ گەیاندووە کە30 گۆرانی منداڵان لەخۆی دەگرێت ، هەروەها لەمانگی مارس ( ئاذار ) ی ئـــەم ساڵ سەردانی کوردستان دەکەم دوو سیمینار کەیەکێکیان لەگەڵ خوێندکارانی پەیمانگای هونـــــەرەجوانەکانی سلێمانی ئەنجامی دەدەم ئەوی تریشیان لەگەڵ بەشی موزیکی بـەڕێوبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی

پ / کامانە باشترینن لای تۆ.؟

باشترین گۆرانی بێژی کورد ،،،،،،،،، سامان ،، سەید عەلی ئەسغەری کوردوستانی.
باشترین میوزیک زانی کورد ،،،،،،،، سامان ،، دڵشاد سەعید.
خۆشترین گۆرانی کوردی ،،،،،،،،،،،،، سامان ،، گۆرانی خاک ووتنی مریەم ئیبراهیم پور.
باشترین ئاواز دانەر ،،،،،،،،،،،،،،،،، سامان ،، خوالێخۆشبوو هونەرمەندی گەورە قادر دیلان.
باشترین ئەکتەر و دەرهێنەر،،،،،،،، سامان ،، یەڵماز گۆنای.
باشترین درامای کوردی ،،،،،،،،،،،،،، سامان ،، درامای لانەوازان،
پ / هاوسەری ژیانت ، شاعیرو نۆسەرێکی بە توانایە بەرهەمی دیوانی شیعری دڵی ساڤای بڵاوکردۆتەوە ، چۆن هاوسەری خۆتت هەڵبژارد ، مەرجە هونەرمەند هاوسەری ژیانی هونەرمەندێکی شانۆکار یا گۆرانی بێژ یا شاعیر و نوسەر بێت.
سامان ،، من بۆ خۆم بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە هاوسەرەکەم چی بێت یاخود کاری چی بێت بەڵام پڕ بەدڵ حەزم کردوە کە ئـــــەو کەسەی دەبێتە هاوسەرم ، نەبێتە ڕێگرێك بۆ ژیانی موزیـکام لەوەش تێبگات کە موزیکی چەند پیویستی بــــە کاتە ڕۆژانە بۆ هەردوو بەش چ لایەنی پراکتیك یان لایەنی تیۆری، خۆش بەختانە هاوسەرەکەم جگە لـــەوەی کە نووسەرە  زۆر حەز بەموزیکیش دەکات بەتایبەت موزیکی کوردی ڕەسەن.

لــــــــە دوایدا من هیوادارم کە هەموو تاکێکی کورد چ هونەرمەند بێت یا مرۆڤیکی ئاسایی وەک گەنجێک کە ڕوو دەکاتە ئەورووپاو دێتە تاراوگە هــــــەوڵ بدات خوێندن تەواو بکات و بڕوانامەی بەرز بە دەست بهێنی لەوەی ڕوو بکاتە کاری نابەجێ و ناوی خۆی و نــــەتەوەکەی لەکەدار بکات بە کردەوەی ناشرین و شەڕو و ئاژاوە نانەوەو خواردنـــــــــــەوەی مەشروبات و بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان کە لە زەرەرو فەوتان زیاتر هیچ سودێکی تری نیە ، هەموو کاتێک شانـازی بـە لاوێک یا مرۆڤێکی کوردەوە دەکەم کە ناوبانگی بڵاو دەبێتەوەو بڕوانامەیکی بــــــەرز بۆ دوا ڕۆژی خۆی و نەتەوەکەی دەستبەر دەکات ،، بۆیە زۆر پیرۆزبایی لـــــــە هاوڕیم هونەرمەند سامان ئەلیاس دەکەم کە توانیویەتی لــــە ماوەی ئەم چەند ساڵەی لە وڵاتی سوید ژیاوە بە هەوڵ و ماندووبونی بگاتە ئەم پلەیە لە خوێندندا و بڕوانامەی ماستەر لــــــە بواری موزیکدا بە دەست بهێنی چونکە مرۆڤی کورد هەر دەبێت ڕۆژیک بگەڕیتەوە بۆ وڵات و خزمەتی نەتەوەکەی بکات.

ئاسایش عوسمان دانش
حەڤدەی یەنوەری ساڵی 2010 ، سوید